# شاندێکی حزبە کوردستانییەکان سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی دەکات

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٤ی نیسان، شاندێکی باڵای حەوت لایەنی سیاسی کوردستان کە پێکهاتبوو لە پارتی پارێزگاران، حزبی ڕزگاریی کوردستان، پارتی نەتەوەیی کوردستان، پارتی ئاشتیخوازان کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان و پارتی پێشکەوتنخوازانی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان کاک عومەر فەتاح کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و. مەحمود حاجی ساڵح بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و کەمال قەرەداغی و بەهجەت کاکەیی و ئاوات مستەفا ئەندامانی مەکتەب پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق تاووتوێکراو باس لە هەوڵەکانی سەرکردایەتی گەلی کوردستان کرا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی میللەتەکەمان لەعێراقی فیدراڵدا، لەوبارەیەوە ئاماژە بەهەڵوێست و خەبات و کاریگەری حیزبە کوردستانیەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا کرا کە هەمیشە پاڵپشتی یەک هەڵوێستی و هاوخەباتی و هەماهەنگی کوردستانیان بوونە. لەتەوەرێکی دیکەدا، شاندی حیزبە کوردستانیەکان مێژووی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ی.ن.ک دا بە سەروەرییەک وەسف کرد کە شانازی پێوە دەکرێ و لە بارەیەوە دیدوبۆچونەکانی خۆیان سەبارەت بەگەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی ئەو پەیوەندیانە خستەڕوو، پاشان کارگێڕی مەکتەبی سیاسی سوپاسی سەردانی وەفدی میوانی کرد و لە وتەیەکدا وردەکاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ئەگەری چۆنیەتی هاوپەیمانیەتیەکانی ئایندەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق شیکردەوە، تەوافق و هاوپەیمانییەتی گەلی کوردی وەک نەتەوە لە عیراقد بەگرنگ زانی، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ی.ن.ک و حیزبە کوردستانیەکان سوپاسی هاوخەباتی ئەوانیان کردو بەڵێنی چارەسەرکردنی هەرگرفت و کێشەیەکی پێدان کە لەو بارەیەوە دەبێتە ئاستەنگ.

جێی ئاماژەیە کە هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان بەشداری شاندەکەی کردبوو.

# سکرتێری حزب پێشوازی لە بەڕێز مەسعود تەک سکرتێریPSK دەکا



کاتژمێر ١٠.٣٠ی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٥-٤-٢٠١٠ بەڕێز کاک مەسعود تەک سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی کوردستان/ باکور بەهاوڕێیەتی کاک جەمشید ئەندامی PSK سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستانی کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کارۆخ عوسمان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنوکەیی کوردستان بەتایبەتیش ڕەوشی باشووری کوردستان دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و هەوڵدان بۆ هاوپەیمانێتی نێوان لیستە براوەکان کرا. لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کراو جەخت لەسەر بەهێزکردن و قوڵکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولایەنی ڕزگاری و پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK کرایەوە.

# شاندێکی ڕزگاری سەردانی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی دەکات



کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی ٢٠-٣-٢٠١٠ هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری مامۆستا محەمەد سلێمان عەباس جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن بەڕێز کاک غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا شاندی میوان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پیرۆزباییان لێکردن و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بۆ خواستن.

# لە گرتووخانەکانی ئێراندا گوشار لە ڕۆژنامەوانانی کورد دەکرێ

کۆمیتەی پشتیوانیکردن لە ڕۆژنامەوانان کە بنکەکەی لە شاری نیویۆرکە، لە ڕاپۆرتی مانگانەی ئەم دواییەی خۆیدا ڕایگەیاندوە کە گەلێک لەو ڕۆژنامەوانانی کە ئێستا لە گرتووخانەکانی ئێراندا، لە ژێر فشاری تونددان بۆ ئەوەی دان بە تۆمەتاکان دابنێن.

لە وتووێژێکی لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا، ئاسۆ ساڵح ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پشتیوانیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کوردستانی ئێران گوتویەتی:گوشاری ئەم دواییانەی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران لە مەڕ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کاریگەریەکەی کەم بۆتەوە. ئاسۆ ساڵح ڕایگەیاندووە کە نزیک بە ٣٥ ڕۆژنامەوان ئێستا لە بەندیخانە دان، ئەگەر ئەو تۆمەتانەی کە بەسەر یان دا سەپێندراوە پەسەندد بکرێن، لە لایەن دادگەوە هەموویان ڕووبەڕووی سزای لەسێدارە دان دەبنەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامی گوشارەکانی خۆی زیاد کردووە تا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجەدا ئەو ڕۆژنامەوانانە دان بە تۆمەتەکانی خۆیان بنێن. لە ناو ڕاپۆرتەکەدا ناوی دوو ڕۆژنامەوای کورد عەدنان حەسەن پوور و محەمەد سەدیق کەبوودوەند بەرچاو دەکەوێ، سەبارەت بەو دوو کەسە ئاسۆ ساڵح ڕایگەیاندوە: پیستریش ڕۆژنامەوانانی کورد تووسی زەخت و گوشار هاتوون، لەو بارەیەوە گوتویەتی: ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوانی کورد ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕاگیراون.

ئاسۆ ساڵح وتیشی ئەم چالاکوانە کوردانە تا ئێستاش لە ژێر گوشاری هێزەکانی ئێران دان و سزای قورسیان بۆ دەرچووە، کەبوەند ١٠ ساڵ و نیو، هەروەها حەسەن پوور ٣١ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا سەپاوە. ئاسۆ ساڵح پێیوایە کاریگەری ئەم ڕاپۆرتانە لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەوانان ئێستا زۆر کەم بۆتەوە و هیوای خواست کاریگەری ئەو ڕاپۆرتانە ئەوەندە زۆر بێ تا گوشار لە سەر ڕۆژنامەوانان نەمێنێ.

# شاندی ڕزگاری سەردانی نوێنەرایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد دەکات

کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١٥-٤-٢٠١٠ شاندێکی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاروان حەمەساڵح ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان، سەردانی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سوریەیان کرد و بەوبۆنەی حەڤدەهەمینساڵیادی دامەزراندنیانەوە پیرۆزباییان لێکردن و هیوایان خواست تا لە کارو خەباتی ڕۆژانەیاندا سەرکەوتووبن.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر بەوبۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی حزبمان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سوریە ڕەوانەکردوە، کە تێیدا هاتووە: 'لە پێوەند بە حەڤدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سوریە، بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان، جوانترین سڵاوو پیرۆزباییتان لێدەکەین، لە ڕێی ئێوەی بەڕێزیشەوە سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە سەرجەم کادرو ئەندامانی پارتەکەتان دەکەین و دەخوازین لێبڕاوانە بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان درێژە بەتێکۆشان بدەن.

بەڕێزان! هەموومان دەزانین لەوەتەی نیشتمانەکەمان داگیرو دابەشکراوەو بە زۆرەکی بە وڵاتانی دیکەوە لکێنراوە، کوردستانیان لە هەوڵی گێرانەوەی سەربەخۆیی و مافەکانیاندان و بێ سڵەمینەوە تێکۆشاون، لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا شێلگێرانە خەباتیان کردوەو مێژوویی نەتەوەی کوردیان بە خوێن نووسیوەتەوە، خۆشبەختانە ئێستا کە سەردەمی جیهانگیری و مافی مرۆڤە، جیهانیان و وڵاتانی بڕیاربەدەست باشتر گوێ لە دەنگی نەتەوەی کورد دەگرن، دۆزی کوردستانیش لە ڕەوشێکی پێشکەوتووتردایە، ئەمەش وا دەخوازێ کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەیوەندی نێوانیان پتەوو بەهێزتر بکەن، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، ئازادی و سەربەخۆیی بکەن و بەئامانجی کۆتایی و لێی دوور نەکەونەوە. ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا هیواخوازین کە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سوریە بکرێ بە هاندەرێک بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەرەیەکی کوردستانیدا، چونکە بەوهۆیەوە هەنگاوەکانی گەیشتن بە ماف و ئازادیەکان کورت و نزیکتر دەبنەوە.

# لە شەقامەکانی شاری ئامەد وانەی کوردی دەخوێندرێ

شارەوانی شاری ئامەد لە هەنگاوێکی بوێرانەو چاوەڕوان نەکراودا تابلۆکانی شەقامەکانی شارەکەی بە وانەی کوردی فێربوون ڕازاندەوە.

بۆ یەکەمین جار لە دوای هەشتا ساڵ لە کۆڵان و شەقامەکانی شاری ئامەد بە ئاشکرا دەست بەنووسینی کوردی کرا، بەمەبەستی فێربوونی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکاندا وێنەی فێرکاری هەڵواسران، بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و زازایی نووسران، بەوهۆیەوە خوێندن و نووسینی کوردی لە شاری ئامەد کەوتە واری کرداریەوە، ئەمەش نەک هەر دانیشتوانی شارەکەی شادان خەندان کردوە، بەڵکو تورکە ڕەگەزپەرستەکانیشی سەرسام کردوە، لە ڕووی یاساییشەوە ناتوانن هیچ ڕەفتارێکیان لەگەڵدا بکرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکانی دیکە دەستخۆشیان لە سەرۆکایەتی شارەوانی شاری ئامەد کردوە، ئەو هەنگاوەشیان بەرز نرخاندووە چونکە سەرتاپای تابلۆکانی شارەوانی لەجیاتی ڕیکلامی کۆمپانیاو کاڵاکانی لێهەڵبواسرێت، وانەی کوردی لەسەر هەڵواسراوە، بەوهۆیەشەوە خزمەتێکی گەورەی دانیشتووانی شارەکەو زمانی کوردی کردوە. هەرچەندە هەڵواسینی وانەی کوردی لە سەر تابلۆکاندا ناتوانێ جێی فێرگەو خوێندنگەکان بگرێتەوە، بەڵام موکڕبوونی کوردستانیان لەسەر فێربوون و نووسینی زمانی کوردی سەر ڕاست دەکاتەوە، لەمێژووی خوێندنی کوردی لە باکوری کوردستاندا شوێنی تایبەتی خۆی دەگرێ و بە ئەرێنی تۆمار دەکرێ.